# سەردەمێکی نوێ لە سیاسەت و ستراتیژی دەرەوەی ئوروپا

شەماڵ پیران

لە مێژووی هاوچەرخی ئوروپاییەکاندا، سێ دەوڵەتی فەرانسە و ئاڵمان و ئینگلیس، دەوری یەکەمیان لە دارشتن و چەسپاندن و بەڕێوەبردنی بەرنامە و سیاسەتەکانی یەکێتی ئوروپادا هەبووە،هەر کام لەو سێ وڵاتە پێگەی تایبەتی خۆیان لە چوارچێوەی وڵاتانی ئوروپاییدا هەیە و لە زۆر بواری ئابووری و نیزامی و سەنعەت و تێکنۆلۆژیدا لە چاو وڵاتانی دیکەی یەکێتی ئوروپا لە ئاستێکی بەرزتردا جێگەیان گرتووە. تا یەک دوو ساڵ لەمەوبەریش ئینگلیستان تەنیا وڵاتێکی چوارچێوەی یەکێتی ئوروپا بوو کە هاوپەیمانی بەرنامە و پڕۆژە و سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەوانە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بێ. یەکێتی ئوروپا بە گشتی و ئاڵمان و فەرانسە بەتایبەتی لە و دەوڵەتانە بوون کە سیاسەتی سات و سەودا و سازشکارانەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لە پێناو دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیاندا گرتبووە بەر و پەیڕەویان دەکرد. سەرەڕای ئەوەی کە ناوەرۆک و کاکڵی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەر لە پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤەوە تا ئێعدام و ئەشکەنجە و تیرۆر بە هەموو جۆرەکانیەوە و هەروەها وەک گەورەترین پاڵپشتی دیاردەی سەرهەڵدان و گەشەی تیرۆریزمیی دەوڵەتیی لە جیهان و ناوچەکەدا و ئاژاوە نانەوە و دەستێوەردانی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی خاوەن کێشەی وەک عێراق و لوبنان و فەلەستین و ... تاد لای هەموو ئەو دەوڵەتانە روون و ئاشکرا بوو، بەڵام نە تەنیا هیچ کات هەڵوێست و هەنگاوی ئەوتۆیان نەگرت و نەهاویشت، بەڵکووزۆر جاریش داڵدەدەر و پاڵپشت بوون بۆ بە ئاکام گەیاندنی مەبەست و پیلان و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوەشدا. بۆ نموونە لە سەردەمی سەرۆک کۆماری جاک شیراکدا کە لای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە" ئایەتوڵڵا جاک شیراک" ناسرابوو،زیاتر لە 150 کەس لە پەنابەرانی سیاسیی ئێرانی لەو وڵاتە بە دەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ئێران تێرۆر کراون. دەوڵەتی فەرانسە کە لە لە چەقی ئوروپا و بە لانکەی دێمۆکراسی و داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ و پێشەنگی ئاڵ و گۆڕ و پێشکەوتنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە قەڵەم دەدرا، بۆ دابینکردنی ئامانجە ئابوورییەکانی لە هەموو تاوان و جینایەتێکی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە وڵاتەکەی خۆیدا چاوپۆشی دەکرد و لە بەرامبەردا نەوت و سامانە سرووشتییەکانی دیکەی گەلانی ئێرانی، وەک بەرتیل لە سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەردەگرت.

دەوڵەتی ئاڵمان لە سەردەمی گێرهارد شرۆدێردا یەکێک لە پاڵپشتە هەرە دیارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. شرۆدێر پێی وابوو هەڵێنانەوەی هەر هەنگاوێک دژی ئێران لە لایەن یەکێتی ئوروپا و ئەمریکاوە، لە زەرەری ئابووری یەکێتی ئوروپا و وڵاتەکەیەتی، بۆیە بە هەموو شێوەیەک لە حاند جمهووری ئیسلامی ئێران و جینایەتەکانی لە هەموو ئاستەکاندا سیاسەتی بێدەنگی و تەنانەت زۆر جار هاوکاریشی ڕەچاو کردووە. کارەساتی میکۆنۆس لە دڵی دەوڵەتی ئاڵماندا خۆڵقا؛ لە 17ی سێپتامبێری 1992 دوکتور سەعیدی شەرەفکەندی لە کاتی گەڕانەوەی لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالیستی سۆسیالیست لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی لە شاری بێرلین تیرۆرکران. (هەر چەند بڕیاری مێژوویی دادگای میکۆنۆس رووسوورییەک بوو بۆ دەزگای دادوەریی ئاڵمان) بەڵام لە هەمانکاتدا لە پاش دەرچوونی بڕیاری دادگای میکۆنۆس پێوەندییەکانی نێوان ئاڵمان و ئێران چووە قۆناغێکی ئاڵۆزەوە و بۆ ماوەیەک درێژەی کێشا و پاشان گەڕایەوە دۆخەکەی جاران.



بە داخەوە لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی بە سەر گەلانی ئێراندا، پێوەندی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە پشت بەستن بە دیپلۆماسییەکی شل و شەوێقی درێژخایەن لەگەڵ ئەو نیزامەدا، گەیشتۆتە ئاستێک کە هیچ شەرم و حیساب بۆ کردنێک لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ڕۆژئاواییەکان نەمێنێ.لە راستیدا چاوچنۆکی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە هەڵووشێنی قومە نەوتێکی زیاتری ئێران، سیستەمی سیاسیی لە ئێراندا تووشی سەرەڕۆیی نەک تەنیا لە ئاستی ناوخۆدا بەڵکوو لە ئاستی جیهانیشدا کرد. ئەمڕۆ بەشێکی زۆری سەرەڕۆیی و ملهوڕی و پێشێل کارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرهەمی ئەو پێوەندییەیە کە نزیکەی سێ دەیەیە ئوروپاییەکان لەگەڵ ئەو نیزامە ڕێکیان خستووە. کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەر کاریی، لە پاش کۆتایهێنان بە خولەکانی سەرکوت و چەوساندنەوە و سەرەڕۆیی لە ناوخۆی وڵات، سەرەڕۆییەکانی گواستەوە ئاستی ناوچەکە و وا ئەمڕۆش بۆتە جیدیترین مەترسی بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و هیچ ڕێز و بایەخێک بۆ بڕیارنامە و پڕۆتۆکۆلەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دانانێ؛ دیارە ئەوە نیشانەی ئازایەتی و ئەوپەڕی هێزی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێدا ئەوە نیشانە و بەرهەمی سات و سەودای چەندین ساڵەی ڕۆژئاواییەکانە لەگەڵ ئەو نیزامە.

لە پاش ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات لە چوارچێوەی هێندێک لە وڵاتانی سەر بە یەکێتی ئوروپا، لەوانە دەوڵەتی ئاڵمان لە ساڵی 2005 و دەوڵەتی فەرانسە لە ساڵی 2007 دا، وەچەرخانێکی بێ وێنە لە سیاسەت وتێڕوانینەکانی یەکێتی ئوروپا بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران هاتۆتە ئاراوە. دوای هاتنە سەر کاریی ئانگلا مێرکێل وەک سەدری ئەعزەمی ئاڵمان، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ڕێکخستنەوەی جۆری پێوەندیی لە نێوان هەر دوو وڵاتدا پێک هات، مێرکێل ڕاست بە پێچەوانەی شرۆدێر کە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، لە زۆربەی لێدوان و سەردان و ڕاگەیاندنەکانیدا، جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە لە هیچ هەوڵ و هەنگاوێک بۆ پێش گرتن لە سەرەڕۆییەکانی ئاخۆندەکان، بە تایبەت لە بواری چالاکییە ناوەکییەکان، خۆ نابوێرێ و هاودەنگ و هاوهەڵوێستە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بە سزا گەیاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران.

دەوڵەتی فەرانسە هەر لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی فرانسۆ میترانەوە و بگرە پێشتریش تا ئاخر ساتەکانی سەرۆک کۆماری جاک شیراک هەمیشە حەولی داوە لە هاوکێشە سیاسییەکانی جیهان و تەنانەت ئوروپاشدا هەڵوێستی جیا و ڕۆڵی سیاسیی جیاواز لە هەموو لایەک بگێڕێ. ئاوریلی 2007 سەرەتای گۆڕانی سیاسی بوو لە فەرانسە. لەدوای سەرکەوتنی نیکۆلا سارکۆزی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریدا، گۆڕانێکی بێوێنە لە دارشتنەوەی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان فەرانسە و ئامریکا و فەرانسە و ئێراندا پێکهات. نیکۆلا سارکۆزی کە پێشتر لە دەوڵەتی فەرانسەدا چەندین بەرپرسیارێتی جۆراوجۆری هەبووە، لە لای زۆر لە فەرانسەییەکان بە سارکۆزی ئامریکایی ناسراوە و خۆشی شانازی بەو نازناوەوە دەکا. سارکۆزی دایکی یەهوودییە و لە لایەن یەهوودییەکانی فەرانسەوە کە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێک دێنن پشتیوانییەکی بەهێزی لێدەکرێ. نیکۆلاسارکۆزی لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا و لەو دەرفەتە کورتەدا نەیتوانی تووڕەیی خوی لە کارنامە و بەرنامە کانی کۆماری ئیسلامی ئێران بشارێتەوە و بۆ یەکەمجار کە لە کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک بە شداری کرد گوتی: ئێرانی ئەتۆمی مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەقامگیری جیهان و پێویستە بە جیدی هەڵسووکەوتی لەگەڵدا بکرێ. هەروەها بێرنار کۆشنێر وەزیری دەرەوەی فەرانسە تا ئێستا لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی یەکێتی ئوروپادا داوای لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کردووە گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران زیاتر بکەن و بارودۆخی ئێستای ئێران جێی مەترسیە و پێویستە بۆ خراپترین هەڵبژاردە، کە ئەگەری شەڕە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خۆمان ئامادە بکەین.

دوابە دوای وتەکانی کوشنێر، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران سەید محەممە عەلی حسەینی، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە وتەکانی وەزیری دەرەوەی فەرانسە بە پێچەوانەی سیاسەتی گشتی یەکێتی ئوروپایە و ئەو بۆچوونانە متمانەی دەوڵەتی فەرانسە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەباتە ژێر پرسیارەوە و دەبێ دەوڵەتی فەرانسە خۆی ئامادە بکا بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران." مەبەستی حسەینی ئاڵوز بوونی پێوەندی ئابووری و بازەرگانی نێوان فەرانسە و ئێران بوو"....

بۆ لاپەڕەی 7.

# پێکەوە لکاندنەوەی کوردستانی گەورە ئەرکە، تاوان نییە

ح. س. سۆران
soransa@hotmail.

به ناوی کوردستانی گەورە

لەم ڕۆژانەدا، باسی جوداییخوزای کورد بووەتە بەیتی بلە و شانامەی ڕۆستەم!!! بەداخەوە واشیلێهاتووە، کە زۆر کورد، لەم باسە سڵ دەکا و داگیرکەران دەربڕینی ئەم ویستە ڕەوایەیان، بو کورد کردووە بە تاوان و سزای و بەندیبوونیان دژواریان بۆ دیاریکرووەدە.

ئەگەر بە وردی تێ بفکرین و بە بێ مەترسی هەڕەشەی دێوەزمەی "لەترسان و لەبراسان" قسە بکەین، ئەوانەی کە ئێستا ویستی جودایی خوازییان لە کورد کردووە بە سووچ و تاوان و زۆر کورد پرکێشی ناکا بڵێ لەل، هەر باوک و باپیر و دایک و داپیری ئەوانە بوون، کە نزیکەی 80 ساڵ پێش، وڵاتی کوردستانی گەورەیان، وەک دەواری شڕ لەتوکوت کردووە و لە یەکیان جوێ کردووەتە. ئەگەر جودایی خوازیی دزێو و خراپ بێ، ئەوان ئەو کارەیان کردووە، نەک کورد!!! بە پێچەوانە، کورد دەیەوێ ئەو کوردستانە یەکپارچەیەی کە ئەوان بە فڕو فێڵ لەتیان کردووە، دیسان بەیەکیەوە بدوورێ و یەکپارچەی بکاتەوە.

ڕەنگە هێندێک خوێنەر بیانەوێ برێک ڕوانگەی ئەم باسە زۆرتر ئاواڵە و شی بکەمەوە، بەسەرچاو:

پاش چەنگی جیهانی هەوەڵ، کە باڵەخانەی دەسەڵاتی گەندەڵی عوسمانیان رووخاند و هەر لەتێکی بوو بە وڵاتێك، زۆربەی کوردستانی گەورە یەکێک لەو وڵاتانە بوو، کە لە ژێر چەپۆکی سوڵتانگەلی عوسمانی دا دەیناڵاند. هەمو کەس دەزانێ، کە بەلای کەمەوە بازێرگەلی وەک ئامێد، سولێمانی، موکریان، قامیشلو، لاچین و...، بۆ ماوەی چەند سەدە، زۆرتر بەدەست دەوڵەتی عوسمانییەوە بووە. ئەگەر جارجار، هێندێک لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سپای ئێران یا ڕووسی تێوەهاتووە، خێرا دەستەڵاتی عوسمانی وەدەری ناون. ئێستا بۆ سەلماندنی ئەم مەبەستە، بە چەند خاڵی مێژوویی ئاماژە دەکەم:

1- تەواوی خودی باکووری کوردستان، بە (ئانادۆڵی ڕۆژهەڵات) ناویان بردووە و هەموو دەزانین، بەشێک لە هەرێمە ژێردەستەکانی عوسمانی بووە.

2- باشووری کوردستانیش هەروا. هۆنراوەکەی سەروەر "نالی شارەزووری" بۆ مامە سالم، یەکێک لەو بەڵگانەیە.

3- یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی سوپای عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گوندێک بووە بە ناوی (حەسار)، لە کن بۆکان. فەرماندەی ئەرکان (سپا) ی عوسمانی لەوێ بووە، تەنانەت ئەرکان، لە ئاوایی حەسار کچێکی کوردی هێنابوو بە ناوی (خێڵان)، کە من دیبووم، ئەو کچە خوشکی خاڵە کاکی بوو. هەر دەسەڵاتی عسمانی، سەردار سەیفەددین خانی ئەردەڵان (باپیری نەمر هومایونی ئەردەڵان و خاڵی دایکم)، سەردار حەمەحوسەین خانی بۆکان و حەمە خانی بانەی لە موکریانەوە، قۆڵ بەستکردووە و ناردوونی لە شاری مەراغە، کە لە نزیکی تەورێزە، لەداری داون. نەمر شێخ باباى غەوساواشیان، لە گوندی کارێزەی لای بۆکان لەدار داوە. ئەی بە قوران گیان! ژێر دەستی و بن دەستی چۆن دەبێ؟

4- کوردستانی داگیرکراوی سووریاش، بۆ ماوەی چەند سەدەی دوور و درێژ، بەشێک بووە لە وڵاتی عوسمانی.

5- کوردەکانی لاچین و ئەوانەش هەروا.

بە کورتی، بەلای کەمەوە بۆ ماوەی نیو هەزارە بارودۆخی کوردستان وابووە، واتە کوردستانی گەورە، وەک زۆر لە وڵاتگەلی دیکەی ناوچە، ژێردەستی دەسەڵاتی عوسمانی بووە. لە لایەکی دیکەشەوە، دەتوانین عوسمانیش بە میراتگری رامیاری خەڵیفەگەلی عەبباسی بەغدا لەقەڵەم بدەین، کە ئەوانیش نزیکەی نیو هەزارە کوردستانیان بەدەستەوە بووە. دیارە هەمووشیان، خۆیان بە نوێنەری خودای عارەب زانیوە. وای بە حاڵی خودایەک، کە نوێنەرگەلی وای لە سەر عەرز بووبێ؟

جا کاتێ دەستەڵاتە ڕۆژاواییەکان، پاش جەنگی هەوەڵی جێهانی، دەسەڵاتی عوسمانی دەرووخێنن و (بیگ بانگ Big Bang)ی مەزنی رامیاری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕوودەدا، هەروەک دەزانین، بە دەیان دەوڵەت و لەتەدەوڵەت پێک دێن، کە زۆرترینیان عارەب بوون، دەوڵەتگەلی باڵەکان، شاخی ئافریقا و کوێ و کوێش هەر ئەو کاتە داتاشراون.

جا، لەو کاتە دا، کە زوربەی سەرکردە کوردەکان، وەک هێندێک لە سەرۆکەکانی ئێستا خەریکی خۆخۆری و هۆمەرەمزێ بوون، کوردستان لەتلەت (تەجزیە) کراوە و بە لای کەمەوە دراوە بە پێنج ئەرباب، یا با بڵێم کوردستانیان کردووە بە پێنج پارسەنگی قەپان و تەرازوی رامیاری!!!

ئێستا گەلی کورد لە راستیدا، دژ بە جوداییخوازی (تەجزیە)یە، نەک جوداییخوازی، کورد کوردستانی گەورەی لەتکراوی خۆی دەوێتەوە، دەنا نە چاوی لە بستێ خاکی خەڵکە و نە پشێون و قڕە بازە. دەبێ تەواوی کورد، لە سەرۆکەوە بگرە تا پاڵە، زات و جوربزەی ئەمەیان ببێ، کە بە چەشنی ئاشتیخوازانە داوای مافی خۆیان بکەن، نەک "لە ترسان و لە برساب"، لە تورکیا بڵێن "ئێمە هەر ترکین، بەڵام لەو کێو شاخە زمانی تورکیمان لە بیر چوە"؛ یا لە ئێراق و سووریا بڵێنن" ئێمە لە هۆزی رەسەنی قورەیشین"؛ لە ئێران بێژن "کورد لە هەر کوێ بێ هەر ئێرانییە!!؛ یا لە ئێرەوان هەر لەبەر خۆمانەوە و یەک لایەنە بڵێین "ئاموزای ئاندرانیک و ئاڤانێسیانین"!!!

ئەم قسانە وتەی بۆش و نێو بەتاڵ و بە فیرۆ بردنی کاتن و هەر دەبێنە هۆی سەرلێشیوان و وەدواکەوتنی دووبارە. کورد گەلێکی جیاوازە، کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە، بەڵام هەر ئەو گەلە ناکوردانەی، کە ئێستا دژی تەجزیە (لەتلەتکردن)ن، لە پێشان کوردستانیان تەجزیە کردووە.

وەک سەروەر گالیلە وتی " ئەز بۆچوونی راستی خۆم، ڕاستەوخۆ دەڵێم، جا..."

تاران – 2707/7/10